www.kurdistannet.org 3-6-2004

# كارتێکی پیرۆزبایی بۆ دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر

حەمەسەعید حەسەن

لە دوا ژمارەی ‹میدیا›دا، ئەوە هاتووە کە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بۆیە فەرمانی داوە دەستگیر بکرێم، چونکە تۆمەتم بۆ عەبدوڵڵا ئاگرین هەڵبەستووە و سووکایەتیم بە دادگا، دادوەر و یاسای حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردووە.‹١›

(١) تۆمەتم بۆ ئاگرین هەڵنەبەستووە، تەنیا ئەم پرسیارانەم ئاراستەی کردووە:

* لەبەر چی کاژیک بە بەیاننامەیەک، لە ١٩٧٥/١/٢٥دا، لە ڕیزەکانی خۆی دەرکردیت؟

* چۆن بە چاوپۆشین لە بەرزی تەمەنت و نزمیی نمرەت، سەروەختی دەسەڵاتی بەعس لە کۆلیژی ئاداب وەرگیرایت؟

* چۆن هاوزەمان خوێندکاری زانکۆ و کارمەندی میری بوویت، لە کاتێکدا بە گوێرەی بڕیاری بەعس، قەدەغە بوو هاووڵاتی هاوزەمان کارمەند و خوێندکار بێت؟

* بۆچی لە ‹هاوکاری›دا، گۆرانیت بە باڵای نووسەرە بەعسییەکاندا هەڵدەگوت؟

* ئەگەر دژی پۆشینی جلی سوپای میللی بوویت، بۆچی وەک هاوپۆلەکانت ساڵێکی خوێندنت نەفەوتا؟

(٢) کە وەڵامی پێڕاگەیاندنەکەی دادگای لێکۆڵینەوە هەولێرم داوەتەوە، هەڵە زمانەوانییەکانی نێو پێڕاگەیاندنەکەم ڕاست کردوونەوە. دەبوو دادگا بۆ ئەو کارەم کە بێ پاداشت کردوومە، سوپاسی کردبام.

(٣) ئەوە گەوجێتی بوو کە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، لەبری ئەوەی پێڕاگەیاندنەکە بۆ خۆم بنێرێت، لە سایتی کوردستان نێتدا بڵاوی کردەوە. من کەسێک نیم شوێنبزر و نەناسراو، دەبوو دادگا پێڕاگەیاندنەکەی بۆ منی ‹تۆمەتبار› ناردبا، نەک بۆ پەخش. من هەمیشە بۆ نووسینی تەنز پێویستم بە گەوجێتیی کەسێک، دەزگایەک یان لایەنێک دەبێت، ئەگەر نا ساتیر لە دایک نابێت.

(٤) زۆر جار بینیومە بە ‹بوش›یان گوتووە: تیرۆریست و بە ‹بلێر›یشیان گوتووە: سەگە گوێڕایەڵەکەی ‹بوش،› هێشتا نەمبیستووە لەسەر ئەو قسانە بە کەس گوترابێت: بەری چاوت بە کلە؟ ئایا دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، لە بوش و بلێر، مەزنترە!

(٥) (جاران دژی ژنی مەکرباز بووم، بەڵام کە بینیم ‹إن الله خیر الماکرین، ال عمران ٥٤› ڕەخنەم لە خۆم گرت. جاران گاڵتەم بە کەس نەدەکرد، بەڵام کە دیتم ‹الله یستهزی بهم، البقره ١٥› خووم دایە ئەدەبی گاڵتەجاڕی. جاران فێڵم لە کەس نەدەکرد، بەڵام کە بە وردی سەرنجم دا ‹ان المنافقین الذین یخادعون الله، الله خادعهم، النساء ١٤١› ئامۆژگارییەکانی مام ڕێویم وەک ئەی ڕەقیب لەبەر کرد.)‹٢›

ئەوەتا من دەقی قورئانم کردووە بە کەرەسەی ئەدەبی گاڵتەجاڕی، ئایا فەرموودەی دادوەری دادگای

لێکۆڵینەوەی هەولێر، لە گوتەی خوا پیرۆزترە!

(٦) (بەوەدا لە کۆنگرەی دوازدەدا مەسروووری کوڕی مەسعوود بە شێوەیەکی سوپەردیموکراتی، بە زۆربەی هەرە زۆری دەنگ، گەیشتە لوتکەی قووچەکی پارتی، پێشنیار دەکەم ناوبراو بکرێتە سەرۆکی پەرلەمان. دڵنیام ئەوسا لە سێگۆشەی مەسعوود: سەرۆکی پارتی، نێچیر: سەرۆکی وەزیران و مەسروور: سەرۆکی پەرلەماندا، گەلی باشوور، بە چاوپۆشین و گوێئاخنین لە ڕەنگ و دەنگی ئەوانەی سیر دەخۆن و زوڕنای پارتی بنەماڵە لێ دەدەن، پاشایانە دەژی. )‹٣›

ئەوەتا دەسەڵاتدارترین کەسانی نێو بنەماڵەی بارزانی، لە کن من قارەمانی ساتیرن، ئایا ئاگرین و دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، لەسەروو ڕەخنەوەن؟

(٧) زۆرن ئەوانەی بەو ئومێدەی بیانکەمە پاڵەوانی ساتیر، پەلامارم دەدەن، ئەوانە تاکوتەرایان نەبێت، ئەو ئاواتەیان نەهاتووەتە دی، دەبوو دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، سەربەرز بێت بەوەی ئاوڕم لێ داوەتەوە، ئاخر دەشێت بە هۆی حیلەی قەڵەمی منەوە، ناوی بە لاپەڕەیەکی زێڕینی دیرۆک شاد ببێت.

(٨) مایەی شانازیمە، یەکەمین نووسەری کورد کە پەرلەمان و ڕژێمی هەرێمی کوردستانی دابێتە بەر ڕێژنەی ڕەخنە، من بووم. لە (پاشای عەرشی کەلاوە)دا‹٤› ئەوی من بە پەرلەمان و ڕژێمی هەرێمی کوردستانم کردووە، مەگەر با بە دەواری شڕ و سەرما بە هەتیوی کردبێت.

(٩) لە یەکی حوزەیرانی ٢٠٠٤ دا بۆ جاری سێیەم، دەسەڵات لە عێراقدا کەوتەوە بندەستی بەعس، ئاخر حکوومەتی سەفەری، نەک هەر تەنیا سەرەکوەزیرانەکەی، کە ئەیاد عەلاوییە، بەڵکوو پێنج لە وەزیرەکانیشی، کۆنەبەعسین.‹٥› بەم بۆنەیەوە بە گەرمی پیرۆزبایی لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر دەکەم کە دڵشادە بەوەی یاسای بەعس پێڕەو دەکات.

2004. 06. 03

(١) میدیا ژمارە ١٦٣ ل ١ هەولێر ٢٠٠٤/٦/١

(٢) حەمەسەعید حەسەن، هونەری ڕاوەژن، ل ٥٥ چاپی دووەم، چاپخانەی کتێبی هەرزان ٢٠٠٣ ستۆکهۆڵم.

(٣) سەرچاوەی پێشوو ل ٨١

(٤) گۆڤاری خەرمانە، ژمارە (٧) سوێد ١٩٩٢

(٥) سایتی عێراق بۆ هەمووان ٢٠٠٤/٦/٢ وەزیرە کۆنەبەعسییەکان ئەمانەن:

* حازم ئەلشەعلان، وەزیری جەنگ.
* فەلاح ئەلنەقیب، وەزیری ناوخۆ.
* تاهیر ئەلبەکاء، وەزیری خوێندنی باڵا.
* محەممەد ئەلجبووری، وەزیری بازرگانی.
* وائیل عەبدوللەتیف، وەزیری کاروباری پارێزگاکان.